




زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

(١)

# عومەیری کوڕی سەعد

حبیب محمد سعید

١٤٠٠ ك - ١٩٨٠ ز

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

(١)



# عومەیری کوڕی سەعد

حبیبا محمد سعید

چاپخانەی

دار الرسالة ـ بغداد

١٤٠٠ك ـ ١٩٨٠ ز

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)


www. iqra.ahlamontada.com




بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشکەش

پێش کەش بەو کەنجە خوێن کەرمانـــە ی کە ژیانیان تەرخان ئەکەن بۆ خزمەتی ئیـــسلام و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەخەنە پشت گوێ..



# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

لەم ڕۆژانەدا کەبیرو هۆشی بێ هێزو پێزی ڕۆژئاوا لەناومانا بڵاو بۆتەوەو مێشکی ڕۆلەی موسلمانانی بەنج کردووە ، زۆر پێویستیمان بە ژیانی ئەو مەردە پاڵەوانانە هەیە لە پێشە وایانی ئیسلام بەتایبەتی گەنجەکانیان تا بەوێنەی مرۆڤی ڕاستەقینە شوێن پێکانیان هەڵگرین .

زانیاری دەروونی ڕۆژئاوای خوانەناس بەشێك لە تەمەنی مرۆڤ ئەخاتە ئەولاوە کەکوایە لە

حلوەی کەنجێتیدا ـ فترة المراهقة ـ مرۆڤ بلوە بەسەر کزمەڵەوە . . ئاوور ئاداتەوە بەلای ئەرکەکانی سەرشانیەوە . . خۆ ویستنی زۆر زۆرە .. تەنهـــا خۆیەو بەرژەوەندیـــەکانی ئەبینێت . . ژیانی دانەمەزراوو لارو ویر ئەبێت ..

لەراستیدا ئەمەژیانی ئادەمیزادی دەروون لارە . . ژیانی ئەو ئادەمیزادەیە کە بە پەروەردە شەیتانیەکان پەروەردە کرابێ . ژیانی ئادەمیزادی ژێر سێبەری پەروەردەی ئیسلامی هەمووی هەر تێکۆشانە .. هەمووی هەر دلسۆزی و هەســـت بە ئەرکی سەرشان کردنە ، بە منالی ، بەکەنجی ، بە پیاوی وە بەپیری .

پەروەردەی ئیســـلامی وەهـــا پەروەردەی ئەندامەکانی ئەکات ، ساتێ دەست بەرداریان ئابێت .. نابێ ساتێ لەژیانیان بە فیرۆ بڕوا . .

نابێ ساتێ بەرژەوەندی مرۆڤایەتیان لە یاد بچێ.ـ
بۆیە ژیانی مرۆڤی موسلمان بریتییە لە دلسۆزیەکی
هەمیشەیی و کۆتایی نەهاتوو بۆ بە دەست هێنانی
بەختیاری وئاسایش و حەسانەوە بۆ مرۆڤایەتی .
ئەم باسەی لە بەر دەستمانایە ژیانی مەردێکی
قارەمانە لە پێشەوایانی ئیسلام و هاوڕێیانی پێغەمبەر
ﷺ کە ئەویش (عومەیر کوڕی سەعدە) ـ خوا لێی
ڕازی بێت ـ کە نموونەی گەنجێکی دلسۆزو
کاربەدەستێکی خۆنەویستە .. هیوا دارم خوای
زاناو بە توانا کۆمەکی بکات تا بە پێنووسە
لاوازەکەم شتێك بخەمە بەردەستی خوشك و برا
موسلمانە کوردەکانم بەلکو ببێت بە چرایەك لە
چراکانی ڕووناك کردنەوەی ژیانمان بەیارمەتی
خوای کەورە .

نوسەر
٤ی/ڕەمەزان/١٣٩٨ ی کۆچی

- ١ -

خوای گەورە ویستی وابوو عومەیر کوڕی سەعد هەر بەمنالی باوکی بێ دەرامەت و بێ سامان بەجێی بهێڵێ و هەتیو بکەوێ .. وەوای ڕێك خست کە دایکی شوو بکات بە یەکێ لە پیاوە دەولەمەندەکانی تیرەی ئەوس لە شاری یەسریب کەناوی جولاس کوڕی سوەید بوو .

جولاس لەپاڵ دەولەمەندیەکەیا پیاوێکی دڵ فراوانو خاوەن بەزەیی و چاودێری کەرێکی دڵسۆز بوو بۆ عومەیر ، بەمە عومەیر هەتیوی و بێ باوکی لەبیر چووەوەو هەروەك جولاس عومەیری بە کوڕێکی زۆر خۆشەویستی خۆی ئەزانی ،

عومەیریش بەو شێوەیە جولاسی خۆش ئەویست .

ڕۆژان تێپەڕین .. بەرەبەرە عومەیر گەورە بوو ، هەرچەندە عومەیر گەورە تر ئەبوو جولاس زیاتر خۆشی ئەویستو لە دڵیا جێگای ئەبووەوە . چونکە عومەیر لە هەموو هەڵسوکەوتێکیا دەرئەکەوت کە خاوەنی ژیری و زیرەکیەکی بێ ئەندازەبوو ، ئینجا بادەستپاکی و ڕاستگۆییەکەی لەولاوە بوەستێ .

ئاینی ئیسلام دەستی کرد بەبڵاوبوونەوە .. کۆمەڵی موسلمان بنکەی بتەوی بۆ خۆی دامەزراند ،تا بە سەربەستی لەژێر سایەی قورئاندا خواپەرستی خۆی بکاو ڕێبازی قورئان بە مرۆڤایەتی بکەیەنێ ..

عومەیری کوڕی سەعدیش تەمەنی تازە لە دەساڵی تێپەڕی بوو ، موسڵمان بوو . . بووە ئەندامێکی تازەپێگەیشتووی کۆمەڵکەی ئیسلام

.. هێشتا هیچ جۆره بیروبڕوایەك لە ناو دڵە ناسکەکەیدا جێگای نەکردبۆوە و بەسپێتی مابۆوە تا بیرو بڕوای ئیسلامی بۆ کەردی کەیشتیو بەجوانی وڕێكو پێکی تیایا جێگیر بوو . ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڕوای خوایی لەناویا ڕیشەی دائەکوتا. هەر بەومناڵیە لە هیچ نوێژێك دوا نەئەکەوت ، وە ئەبوایە لە پشت سەری پێغەمبەری خۆشەویستەوە بە کۆمەڵ ( جاعەت ) بەجێی بێنایە . دایکیشی کە چاوی بە کوڕە تازە پێ کەیشتووەکەی ئەکەوت کەوا بەومناڵیەوە واخۆشەویستی ئیسلامو خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی چۆتەدڵیەوەو بۆ نوێژکردن لەکەڵ جولاسی مێردیا هاتوچۆی هزکەوتی ئەکرد ، زۆر دڵی ئەکەشایەوەو شادمان ئەبوو ..

لەمکاتەدا دلکەرمیەك کەنجەکانی مەدینەی

کرابوّوه .. بە هیچ شێوەیەك خۆیان نەئەهات بەبەردا ، تەنها خەریکی خواپەرستی و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ئەبوون ، هەموو ئەندامیان کردەوەی سود بەخش و رەوشتی بەرز بوو . خۆ لە کاتی جهادیشا ، بە پێچەوانەی گەنجە پەروەردەکراوەکانی بەرنامە شەیتانیەکانەوە ، هەر یەکەیان حەزی ئەکرد بەشداری ئەو ئەرکە پیرۆزەی بکردایە با بە تەمەنیش منال بوایە ..

هومەیریش ، هەروەك گەنجێکی موسلمانی ناو کۆمەلکەی ئیسلامی ژیانی خواپەرستی پڕئارام و حەسانەوەی ئەدایە سەر ، دوور بوو لە دوودلی و دلەتەپێ و نەخۆشیە نەفسیەکانی کۆمەلکەی نەفامی ، هەتا خوا ویستی وابوو کاتێ کە پێگەیشت تووشی تاقی کردنەوەیەکی زۆرگران ببێت ، تاقی کردنەوەیەك کەکەم کەس شتی وابیبێتە رێی و جگە

لە بڕوا دامەزراوەکانیش کەس تیایا دەرنەچێ ..

ئـەوەبوو لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا پێغەمبەری خـــوا - ﷺ - بڕیـاریدا بچێت بـــەگـــژ ڕۆمەکاندا لە تـەبووك (١) ، وە فـەرمانیدا هـەر موسـلمانێ دەستی چەك ئەگرێ ئامادەی ئەو جەنگە ناهەموارە ببێت ..

لە هێرشـــەکانی تردا پێغـەمبـەری خـــوا - ﷺ - ڕاسـتەوخۆ نیـازی خۆی دەرنەئـەبڕی بۆ هەموو لەشکر ، چونکە شاری مەدینە کە وەك پایتەختی یان بنکەی ئیـسلام بوو ، لەولاشـەوە دوو ڕووەکان هەموو هەواڵێکیان ئەگەیاندە ،

(١) تەبووك ئەوسـا شوێنێك بوو لە سـەر سـنووری شامو بەدەسـت ڕۆمەکانەوە بوو ، ئێسـتە شارێکەو سـەربەولاتی عـەرەبی سعودیە .

دوژمنانی ئیسـلام ، لەبەرئـەوە جگەلەچەند کەسێکی کەم کەس ئاگادار نەئەکرا . . بەڵام لە جەنگی تەبووکدا ڕاستەوخۆ لای خەڵکەکە ئاشکرای کرد ، لەبەرئەوەی هەموو کەسێ ئاگادار بێ و خۆی ئامادە بکات بۆی . چونکە جەنگی تەبووك بریتی بوو لە بەگژا چوونی ئیمپرا تۆربەتی ڕۆمانی .. زۆر دوور بوو ، وەنارەحەتی و تەنگاوی لەوپەڕی پلەدا بوو ..

جا هەرچەندە ئەم ڕووداوە لە وەرزی هاویندا بوو ، گەرما تینی سەندبوو و بەرو بووم پێ گەیشتبوو و سێبەر خۆش بوو بوو و لەبەر گەرما خەڵکی هێزو تینی لا نەمابوو ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا موسلمانەکان هاتن بەدەم بانگەوازی پێغەمبەرەکە یانەوە و دەستیان کرد بـە خۆ ئامادەکردنو خۆ پێچانەوە . چونکە لای مرۆڤی خاوەن بڕوا ئە و

کۆسپانە هیچ دەوریکیان نیە و ناتوانن ویستی سارد بکەنەوە .. بەڵام هەندێ لەو مرۆڤانەی کە تەنها بەدەم موسلمان بوو بوونو دڵیان بە تیشکی بڕوا ڕۆشن نە بووبۆوە ، دەستیان دایە پڕو پاکاندە دژی پێغەمبەرو لەشکری ئیسلام تاخەڵکی دڵسارد بکەنەوە.وەگومان و دوودڵیان بڵاو ئەکردەوە تاکۆمەڵی تەمەڵی دانیشتوو زۆر ببێت و دوو ڕوویی ئەوان دەرنەکەوێ . وە لەو شوێنانەدا کەترسیان نەبوو کە پێغەمبەرو موسلمانەکان پێیان بزانن ، وتەی وەهـــا نـەهات بەدەمیانـا بەجارێ لەڕیزی موسلمانەکان دەری ئەکردنە دەرەوە پڕو پاکاندەکانیان وەها کاریگەر بوون ، زۆر لەموسلمانە دڵسۆزەکانیش شەیتان چووبووە بن کەلیشیانو دڵیان سارد بوو بۆوە ..

چەندڕۆژێ بەر لەوەی کە لەشکری موسلمانەکان

لەمەدینەوە بەرەو تەبووك دەرچێ عومەیری کوری سەعد - کە هێشتا منال بوو - دوای بەجێهێنانی نوێژ لە مزگەوت گەڕایەوە ماڵەوە ، بەلام بە دڵێکی شادمانەوە ... بەدەروونێکی بەرزەوە .. چونکە لە مزگەوت بەچاوو گوێی خۆی لێبڕان و چاونەترسی وسەروماڵ نەویستی موسلمانەکانی دیو بیست ..

چاوی لێ بوو ئافرەتە ئەنصارەکانو موهاجرەکان تەهاتنە خزمەتی پێغەمبەرو - ﷺ - هەرچی ئالتونێکیان پێوە بوو دایان ئەمالیو ئەیانخستە بەردەمی ، تا بە نرخەکەی لەشکری - جیهادی ئیسلامی - بەڕێ بکاو بینێرێتە مەیدانی خوێنڕژان و - تەمکارانەوە . عومەیر - چاوی لێبوو کە عوسمانی کوری عەففان - توورەکەیەکی هێنا هەزار دینار ئالتونی تیابوو و

پێشکەشی پێغەمبەری خوای کرد .

وە بەچاوەوە بوو کە عەبدوارەحمان کوڕی عەوف دووسەد نۆقیە ئالتونی دابوو بەسەر شانیاو هێنای خستیە بەردەم پێغەمبەری خۆشەویست .
٩٠٠

هەتا چاوی لێبوو یەکێ لە موسڵمانە هەژارەکان نوێنەکانی هێنا بۆ فرۆشتن هەتا بە نرخەکەی شمشێرێك بکڕێتەو لە ڕێی خوادا پێی بجەنگێ .

عومەیر ئەمانەو زۆری تری دی .. ڕاستەوخۆ بڕوای کرد کە ڕاستە کۆمەڵکەی ئیسلامی بەسەرو ماڵەوە لێ ئەبڕێ و هەموو گرانبایەکی لا بێ نرخەو بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە لەڕێی خوادا بەختی ئەکات .. چونکە ئاوات و ئامانجی کۆمەڵکەی ئیسلامی ڕاســـتەقینە ، دەستکۆتا کردنی ستەمکارانەو لەناوبردنی بیروباوەڕو بەرنامەی پڕو پووچ و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی یە لـە

ژێر ڕکێفی ئەو دەستبڕە خوێنمژانەی کە خۆیان کردووە بە خوای مرۆڤایەتی بەوەی کە بە نەزانی نەخشەی ژیانیان بۆ ئەکێشن ، جا موسلمانان بەرامبەر بەم ژیان تەرخان کردنە تەنها بە تەمای پاداشتی خوان ، بەوەی لێیان خۆش بێ و لە سزای بەئازاری دۆزەخ ڕزگاریان بێ وە بە بەهەشتی بەرین بکەن ..

عومەر بیری لە هەڵوێستی بەرزو پیرۆزی موسلمانان ئەکردەوە ، کەچی سەری سوڕ ئەما لە جولاسی زرباوکی کەوا بەهیچ شێوەیەك ناجوڵێو خۆی ئامادەی مەیدانی جهاد ناکات ، وە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەست ڕۆیشتوو بوو هیچی نەئەبەخشی لەڕێی خوادا ..

کاتێ کە لە مزگەوت گەڕایەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی دەنگ و باسی مزگەوت ، تا بەڵکو

غیرەتی جولاسیش بجوولێ و خۆی حەکۆبکاتەوە و هەرچی لەتوانایا بێت بیبەخشێ ، چونکە کۆمەڵێك موسلمانی هەژار هاتنە خزمەتی پێغەمبەر - ﷺ - داوایـــان لێ کرد کۆمـەکیان بکات تا بتوانن ئەوانیش بەشداری جەنگی رۆمەکان بکەن ، بەڵام پێغە مبـەری خوا ﷺ - هیچی لا نـەمابـوو تا ئـەوانیش بخاتـە رێ ، بۆیە بە گریانەوە گەڕانەوە لەداخی ئەوەی کە هیچیان شك نەئەبرد تا بەشداری جهاد بکەن و ئارەزووی شەهیدی دلیان دامرکێنێتەوە(١)..

---

(١) موسلمانە دەست کورتەکان حەو کەس بوون کە ئەمانەن :.

(١) سالم کوڕی عومەیر . ٢ ـ عولبە کوڕی زەید ٣ ـ عەمر کوڕی غونمە .

٤ ـ سالم کوڕی هەرەمی کوڕی عەمر =

جولاس لەبانی ئەوەی بەوێنەی موسلمانێکی
دلسۆز و بەغیرەت هەلسێ و خۆی کزبکاتەوەو
بکەرێ بـە دوای هەزارە دەست کورتەکانا
کەتوانایان نیە بکەنە مەیدانی جەنگ ، تادەست
کرۆییان بکاو بیانخانە رێ ، بۆ بەرز کردنەوەی
ئالآی ئیسلامو پەرچ دانەوەی ئینۆکی ئەوخوێن
مژانەی کە بەشێکی زۆر لە کەلە داماوەکانیان
کردبووە بەندەی ئەلقە لە گوێی خۆیان . بۆ
رزگار کردنی ئەو کەلە بەستەزمانانەی ژێر
چەپۆکی رۆمانیـە رەگـەزپەرستە بێوێژدانە
خوێنمژەکان ، وە حەسانەوەیان لەژێر یاسا
بێ کەردەکەی قورئانا . کەچی جولاس بەجۆرێ

٥ ـ ئەبولەیلای مازنی .
٦ ـ سـەلە کوڕی صەخر . ٧ ـ عرباض
کوڕی ساریە .

وەڵامی عومەیری دایەوە بەهیچ شێوەیەك نەهاتووە بە بیریاکە موسڵمانێك شتوا بێت بەدەمیا کەوتی [ ئەگەر محمد ڕاست بکاو پێغەمبەری خوابێت ، ئێمە لە کەر خراپترین ] .

عومەیر تێ کەیشت ئەم وتەیە بۆ جولاس بەسە تا لە ڕیزی موسڵمانەکان دەری کاتە دەرەوە ، عومەیری هەژار چی بکات باشە ؟ ...

عومەیر لە بیریەتی چۆن جولاس زیاترو باشتر لەباوك چاودێری ئەوی ئەکردو چۆن ئەوپەڕی پلە خۆشی ئەویست و ڕێزی ئەکرت . هەموو شاری مەدینەش ئاگاداری ئەو پیاوچاکیو چاودێریە دڵسۆزانەی جولاسن و ئەگەر عومەیر ئەم هەڵەیەی جولاس بکەیەنێ و ئاشکرا بێ دانیشتوانی مەدینە بە سپلەو بەدنمەکی ئەدەنە قەڵەم ؛ لەولاشەوە عومەیر خۆی بە موسڵمان ئەزانێ و یەکێکە لەو

گەنجە خوێن گەرمانەی کە کۆمەڵگەی مەدینەی موسلمان پێیان ڕازاوەتەوە . خۆ ئەگەر ئەم وتەیەی جولاس نەگەیەنێ ، ئەوە ناپاکیە لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوادا ، وە وەکو ئەوە وایـــە لەڕێبازی قورئان پاشگەز بووبێتەوەو چووبێتە ڕیزی دووڕووەکانەوە . لەم بەینەدا داماوگیری خوارد .. چی بکا باشە ؟ ... منالێکی دە دوانزە سـال ، ئەبێ بە تەنیا چۆن بیر لەم گیرو گرفتە بکاتەوە ؟.. ناپاکی لەگەڵ ئیسلامدا زەرۆمەندی هەردوو جیهـانی ئـەکات . وە وتنـی وتـەی جولاس و دەرخستنی لەناو خەڵکا ، بەبەدنمەکی دەرئەکا ، تا یەکێ ئەڵێ ڕاست ئەکا چەند کەسێ ئەڵێن بۆی هەڵبەستووە ، هەرکامیانی بیر لێ ئەکردەوە هەر تاڵ بوو ، بۆیە خێرا یەکێکیانی لە دڵا بڕیار دا و خێرا دوای ماوەیەکی کەم لە وتەکەی

جولاس وەڵامی دایەوە :

« بە خوا ئەي جولاس لەسەر ئەم زەویەدا جگە لە موحەممەد کوڕی عەبدوللا کەسێ تر نە بووە لە تۆ خۆشترم بوێت . بەڵکو تۆ خوشەویستترین و دڵسۆزترین و بەخشەندارترین کەسی بۆمن وەتۆ قسەیەکت کرد ئەگەر باسی ئەکەم تۆ پێی ئەشکێیت ، وە ئەگەر ئەیشارمەوە ناپاکیە لەگەڵ سپاردەکەمدا وە بە خۆم و ئاینمەوە تیا لەچم ، جا تۆ بیرێ لە خۆت بکەرەوە » .

* * *

کەنجی دڵ موسڵمان ، عومەیر کوڕی سەعد ، بەرەو مزگەوت کەوتەڕێ ، لەوێ ئەوەی لەجولاس کوڕی سوەیدی بیستبوو کەیاندی بە پێغەمبەری خوا - ﷺ - .

پێغەمبەر - ﷺ - عومەیری لاي خۆی

هێشتەوە و یەکێ لە هاوڕێکانی نارد بە دوای جولاسدا ئەوەندەی پێ نەچو جولاس هات و سەلامی کرد لە پێغەمبەر - ﷺ - ئەویش لێی پرسی :

ئەو قسەیە چیە کە عومەیر کوڕی سەعد لێتی ئەگێڕێتەوە ؟ ئینجا وتەکەی فەرموو .

جولاس وتی : درۆم بۆ هەڵبەستێ ، ئەی پێغەمبەری خوا هیچێ لەوە بەدەما نەهاتووە - ئەو هاوڕێ یانەی کەلەوێ ئامادە بوون هەریەکەیان پێی خۆش بوو بۆی دەرکەوێ بزانێ جولاس و عومەیر کامیان ڕاست ئەکەن ، بۆیە هەوڵیان ئەدا ڕاستی و ناڕاستی لەدەم و چاویانا بخوێننەوە ئینجا بە چپەوە کەوتنە وتوویژ .

یەکێ لە دڵنەخۆشەکان وتی : چ کوڕێکی

لاساره ، ئەیەوێ ئاوا پاداشتی بداتەوە ...

هەندێ تر وتیان : بەڵکو ئەمە منالێکە بە خواپەرستی گەورە بووە ، بە شێوەی دەم و چاویا وا دەرئەکەوێ کە ڕاست ئەکا .

پێغەمبەر - ﷺ - ئاوڕی دایەوە بۆلای عومەر دی وا دەموچاوی سوور بۆتەوە و فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارەوەو ئە ڕژێتە سەر کولمو سنگی و ئەڵێ :

- خوایە ڕوون کەرەوەی ئەم وتەیەم بنێرەرە خوارەوە سەر پێغەمبەرە کەت ...

چاوەڵاس لە ترسی ئەوەی قورئان بێتە خوارەوە وە - وەك چەندەها ڕووداوی تر - ڕاستی عومەرو ناپاکی ئەو دەربخات ، بەتوندی هەستایە سەرپێ و وتی :

ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەوەی من بۆتم گێرایەوە هەرتەوە راستە : ئەگەر پێت خوش بێت هەردووکمان سوێندت بۆ ئەخوێن ، وە من سوێن ئەخوم بە خوا کەوا هیچێ لەوەم نە وتووە کە عومەیر بۆ تۆی گێراوە تەوە .

هەر کە جولاس لە سوێنەکەی بووەوە ، خەلکی روویان کردە عومەیر تا بزانن هەلویستی ئەو چۆنە لە سوێن خواردنا ، تۆ بلێی خۆی بە راست بزانێو بوێرێ سوێن بخوا؟ داخۆ چی بکا ؟

لەم کاتەدا پێغەمبەر - ﷺ - ئارام وبێ دەنگ بوو هاورێیان زانیان کەوا وەحی دێتە سەر ، بۆیە لە شوێنی خۆیانا بێ دەنگ دانیشتن چاویان بڕیبوە پێغەمبەری خوا .

لێرەدا جولاس ترس ولەزر دایگرتەوە و عومەیریش پەلەی بوو هەواڵی تازە بزانێ ، زۆر حەزی ئەکرد ئەنجامیان دەرکەوێ ، خەڵکەکەش هەروا مانەوە هەتا وەحی تەواو بوو ، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - فەرمایشتی خوای بۆخەڵکە کە خوێندەوە کە تیایا ڕاستی عومەیر و ناپاکی جولاسی دەرئەخست کە جولاس ئەو سوێندەی بە ناڕەوا خواردو ئەو وتەیەی عومەیر لەدەمیەوە گێڕایەوە ڕاستە وتوویەو جولاس دوای موسڵمان بوون کافرو بێ ئیمان بوویەوە ، کە ئەفەرموێ :

« يَحلِفون بالله ما قالوا ، ولقد قالوا كلمة الكفر وكفروا بعد اسلامهم وهموا بما لم ينالوا وما نقموا إلا أن أغناهم الله ورسوله من فضله فإن يتوبوا يك خيراً لهم وإن يتولوا يعذبهم الله

عذاباً أليما في الدنيا والآخرة وما لهم في الارض من وليّ ولا نصير » (١) .

بەڵام خوای خاوەن سۆزو بەزەیی هەردوای ئایەتەکە ئەمەشی ناردە خوارەوە هەتا یاسا بێ بۆ هەموو سەرانێ شێواوێکی وەك جولاس کەوا گەرانەوەیان لێ وەرئەگیرێت بەڵام ئەگەر پشتە هەڵکەن و نەگەرێنەوە خوا ئازارو سزایەکی پرژانیان ئەدات ..

جولاس کاتێ کوێی لەقورئانی پیرۆز بوو بە تایبەتی لە بارەی ئەوو هومەیرەوە هاتە خوارەوە بۆ دیاری کردنی ئەویان کەراست بێژە 'هەموو گیانی هاتە لەرزە .. کەی ئەمە ئەهات بە خەیالیا بەم تاقە وتەیە ئاوا ناوی بزرێت و پەردە لەسەر دەروونە لە خە ، براوەکەی لابیرێت ؟ خەریك

(١) سورەتی ( التوبة / ٧٤ )

بوو لە ترسانا زمانی بەستری ئینجا ئاوڕی دایەوە بۆلای پێغەمبەری خواو وتی :

بەڵکو ئــەگەڕێمەوە بــۆ لای خــوا ، ئەی پێغەمبەری خوا ، بەڵکو ئەگەڕێمەوە .. عومەیر ڕاستی ووت ، ئەی پێغەمبەری خوا ، وە من لە درۆزنەکان بووم ؛ داوا ئەکەم لە خوا ئەم گەڕانەوەیەم لێ وەرگرێ .. بــە قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا ...

بــە جارێ جولاس چاوی شــەیتانی کوێر کرد ، ماوەیــەکی زۆرە هەوڵی لەگەڵ ئــەداو دەربارەی ئیســلام و پێغــەمبــەری ئیـــسلام وەسوەسە ئەخاتــە دڵیەوە .. ماوەیەکە لێ بڕاوە بۆ ئەوەی لە خشتــەی بەرێ و لە کاروانی پــڕ بەختەوەری خاوەن باوەڕان دوای بخات و بەهەشتی بەرینی لەدەست بدات .. وە ئەو دوو ڕوانەش

لە مزگەوتا بوون و بە چاوی خۆیان بەلگەیەکی تری پێغەمبەریان بۆ دەرکەوت و هەر لەسەر دل پیسی و ناپاکی خۆیان مانەوە ، بە یەکجاری مۆری نەکبەتی نرابەسەر دلیاناو زیاتر دلیان رەش بوویەوە .

دوای گەرانەوە و پاك بوونەوەی جولاس پێغەمبەری خۆشەویست — ﷺ — رووی کردە عومەیری گەنجی دل و دەروون موسلمان ، سەیر ئەکا فرمێسکی شادی دەموچاوە بەباوەر کە شاوەکەی تەرکردووە .

ئینجا پێغەمبەری خۆشەویست - ﷺ - دەستی پیرۆزی درێژ کرد بو گوێی عومەیرو گرتی وفەرمووی :

( وَفتْ أذنك - ياغلام ما سمِعتْ ، وصدَّقَكَ رَبك ) واتە :

گوێت وەفای خۆی بردە سەر لەوەی بیستبووی - کوڕم - خواش بەڕاستگۆی دەرکردی .

بەڕاست گۆیی و دڵسۆزی عومەیر ، جولاس خوا بۆی کردو کە ڕایەوە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەو بووەوە ئەندامێکی دڵ دامەزراوی ئیسلام وە بە ڕێك وپێکی ئەرکی سەر شانی خۆی بەجێ ئەهێنا ..

هاوڕێ یانی پێغەمبەر هەستیان بەدڵ دامەزروای جولاس ئەکردو ئەیانزانی بە جوانی لێ براوە بۆ ئیسلام ، وە لە جیاتی ئەوەی ڕقو قین لە عومەیر هەڵگرێ ، بە پێچەوانەوە لە بەخشش بێ بەشی نە ئەکردو لە جاران زیاتر خۆشی ئەویست ، وە هەر کاتێ ناوی عومەیر ببرایە ئەیوت : خوا پاداشتی چاکەی بداتەوە ، منی لە خوا

ئه ناسی ڕزگار کردو له ئاگری دۆزەخ لای دام .
بەم شێوەیە عومەیر بە پاکی و وەفاداری خۆی بووه
مایەی قازانج بۆ خۆی و بۆ جولاسیش کە لە
باوك زیاتر خزمه تی کردبوو . دیارە هەرکەسێ
لەگەڵ ئیسلاما وەفادار بێ ئیسلامیش بەری
شیرینی ئەو وەفاداریەی پێشکەش ئەکاتەوە ..

٢

عومەیر لەسەر باوەڕە پتەوە دامەزراوەکەی
مایەوە هەتا پێغەمبەری خــوا ـ ﷺ کۆچی
دوایی کردو لە دوای ئەو ئەبوبەکر ـ خوا لێی
ڕازی بێت ـ بە هە لبژاردنی موسلمانەکان
کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی پێ سپێررا ، ئینجا
دوای ئەویش عومەر ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ

بووە جێ نشینی ئەبوبەکرو پایەی دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراندو خاکی ئیسلام بەرە بەرە زیادی کردوو دەستە بە دەستە گەلە چەوساوەکان دەر ئەهێنران لە ژێر ڕکێفی دەست شەیتانیە چەپەڵەکانو ئەخرانە ژێر سێبەری ڕێبازی داد پەروەرانەی قورئانەوە..

لەم ماوەیەدا عومەر خەریکی گەیاندنی ئاینی ئیسلام بوو بە مرۆڤایەتی تا بە جوانی لە مەبەستی دروست بوونو مانو نەمانی خۆی تێ بکا .. خەریکی گەیاندنی ڕێبازی ڕزگارکەر بوو تا مرۆڤایەتی لە سایەیا بحەسێتەوە ..

لەم کاتەدا گیر و گرفتێ ڕووی کردە عومەری خەلیفەی موسڵمانەکان ، ئەویش دانیشتوانی شاری ( حیمس ) بوون لە سوریا ، خەلیفە هەر کاربەدەستێکی بۆ ئەناردن پشتیان تێ ئەکردو بەشکات ورەخنە دایان ئەگرتەوە گوناهو کەموکوڕی زۆریان

بۆهەڵەدا وەدەنگوباسیان ئەکەیاندە خەلیفە بەئاواتی ئەوەی لای باو یەکێ تری چاکتریان بۆبنێرێت ٠

عومەر هەمیشە ئەگەڕا بەشوێن هاوڕێ دڵسۆزە خۆنەویستەکاناو بەزۆر کاروباری موسڵمانەکانی ئەدان بەسەرا ٠ بۆیە ئەیفەرموو :

« پیاوێکم ئەوێ کەئەگەر فەرماندە نەبێ لەناو خەڵکابەفەرماندە بزانرێ وەئەگـەر فەرماندەبوو ، لەناویانا جیانەکرێتەوەو بەیەکێ لەوان بژمێررێ ٠٠

« کاربەدەستێکم ئەوێ نـە لەجلو بەرگاو نـە لەخواردناونە لەخانووبەرەدا خۆی جیانەکاتەوە... لەناویانا نوێژبکاو ... بەیەکسانی شتیان بەسەرا بەش بکاو ... بەدادپەروەری فەرمانڕەوایی یان بکا.. وەدەرگا لەڕووی پێویستیەکانیانا دانەخاو هەمیشـە کراوەبێت » ٠

دیـارە گەورەی دڵسۆز بەهەموو توانەیەکیەوە

هەوڵ نەداو ئەگەڕێ بزانێ کامە شیاوی ئەوەیە تـا کاروباری موسڵمانانی پێ بسپێرێ ، چونکە لەچاکەو خراپە کردنیانا ئەو خۆی لێ پرسراوە .

لـــە لایەکی ترەوە هاوڕێ تێگەیشتووەکانی پێغەمبەری خوا - ﷺ - ئەیانزانی لێپرسراویو کاربەدەستیو هەڵسوڕاندنی کاروباری موسڵمانەکان چەندە ئەرکێکی گرانە ! مرۆڤی ئەوێ بتوانـــێ یەکسانیو دادپەروەری لەبــیر نەچێو ژیانـو ڕابواردنی دنیا لەخشتەی نەباو خوای گەورەو سزای ڕۆژی دوایی لەبیر نەچێ . بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان ئەدا خۆیان لەوئەرکە گرانەو تاقی کردنەوە ناهەموارە لابدەن ، نەوەکو نەتوانن بەجوانی پێی هەڵسنو خوای گەورەیان لێبرەنجێ ..

عومەر ناچار بـور بگەڕێ بەدوای یەکێکا کەدانیشتوانی حیمس نەتوانن تانەی لێبدەن . بیری

کردەوە سەرنجی دا لەناو کۆمەڵی هاوڕێیانا تەنها
عومەیر کوڕی سەعدی دەستکەوت .. تەنها ئەوی
بەشیاوی کاربەدەستی حیمس ئەزانی . بەڵام عومەیر
لەمەدینە پاڵی لێ ئەداوەتەوە ، بەڵکو سەرکەرمی
ئیشی خۆیەتی .. سەرکەرمی جیهادە .. ئـــاڵای
قورئان بەسەر شارو دێهاتانەوە بەرز ئەکاتەوە ..
قەڵای ستەمو زۆرداری ئەڕوخێنێو کەلان لەسایەی
قورئانا ئەحەسێنێتەوە .. لە ( جەزیرە ) ی شـــام
بەسەرکردایەتی لەشکرەکەی لەگەڵ هێزی ئەفامیو
خوانەناسیدا ئەجەنگێ ..

عومەیر لەمحاڵەدایەو خەلیفەی موسڵمانەکانیش
دەستەپاچە داماوە .. بۆیە ناچاربوو بانگی کاتەوەو
کاروباری حیمسی پێ بسپێرێ .. فەرمانی بەسەرادا
بکاتە شوێـــنی کــارەکەی .. عومەیر بەوێنەی
هەموهاوڕێیەك ئاواتەخوازی ئەمدەسەڵاتداریە نیە..

جا هەرچەندە حەزی نەکرد کەخەلیفە وازی لێبێنێ
تابچێ بەدەم جیهادی خۆیەوە ، بــەلأم ناچاربوو
مل کەچی فەرمانی خەلیفە بێت ..

عومەیر کەیشتە حیمس و خەلکەکەی بانگکرد
بۆنوێژێکی جەماعەت ، کاتێ لەنوێژ بوونەوە ،
دەستی دایە وتاردان . جا سوپاس و ستایشی خوای کردو
درودو سەلامی پێشکەش بەپێغەمبەری خۆشەویست
کردو ئینجا وتی :

« ئەی خەلکینە ، ئیسلام قەلأیەکی سەختو
دەرکایەکی بەتینە ، وە قەلأی ئیسلام دادپەروەریە
ودەرگاکەشی حەق وڕەوایە . جانەکەر قەلأکە
ڕوخێنراو دەرگاکە تێکشکێنرا ، یاساکانی ئەم
ئاینە ئەخرێنە پشت گوێ و هێزی ئیسلام لەناو ئەچێ.
هەتا دەسەلأتی ئیسلام بەهێزبێت ، ئەو هەر لەسەر
سەختی خۆی ئەمێنێتەوە بەلأم بەهێزی و دەسەلأتی ،

بریتی نیه لەلێدان بەقامچی، وە یا کوشتن بەشمشێر بەڵکو بریتیە لەچەسپاندنی دادپەروەری و شوێن کەوتنی حەق و ڕاستی » .

دوای ئەموتارە پڕکاکڵەیە چوو بەلای کاری خۆیەوە ، تائەو نەخشەیەی کە لەوتارە کورتەکەیدا بۆی کێشان بتوانێ جێ بەجێی بکات .. وتەکانی بکاتە کردەوە چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوسەردەمە تەنها بەوتەی لوسی بێ جێگە ڕازی نەئەبوون و دوای کەمێ وتەیان ئەکردە یەکو هاواریان لێ بەرز ئەبویەوە ، چونکە ئیمپریالیزمی خوانەناس نەخشەی ودوبەرەکی و دوژمنایەتی و بەرەلایی و خۆپەرستی و بێ گوێیی بۆ نەکێشابوون .

بەڵێ ڕۆژان ڕابوردن و عومەر ساڵێکی تەواو لەحیمس مایەوە ، لەماوەی ئەمساڵەدا هیچ نامەو دەنگو باسێکی نەنارد بۆخەلیفە وە نەدرهەمێک و

ئەدینارێکی لەخەراج و دەستوسانی ئەوناوەی ئەنارد
بۆ پایتەخت . ئێرەدا دوودلی و گومان لای عومەر
دروستبوو ، چونکــــە ئەیزانی هێزی راکێشانی
خۆشی ئەم جیهانە زۆر بەتینە لەســـەر دەروونی
مرۆڤ ، وەهەر کەسێ بەتەواوی پەروەردەی ئیسلامی
وەرنەگرتبێ توانای نیـــە خـــۆی لەبەردەم
ئەوڕەشەباناڵەبارەدا بگرێ ، وەخۆی و بەرژەوەندیە
تایبەتیەکانی لەبیربچێتەوە ، بۆیە هیچ موسڵمانێکی
شارەزا لەئیسلام چاوەڕوانی دڵسۆزی و پیاوەتی و
دادپەروەری ناکات بێجگە لەوانەی کە بە پەروەردەی
ئیسلامی پەروەردەکراون وەئەگەر چاکەیەکیشیان
لەدەست دەرچێ ئەوە پاشماوەی باوەڕە لە دڵیانا
ماوەتەوە واویژدانیان ئەجوڵێنێ کەچی بەخۆیان
نازانن .. عومەر ئەترسا عومەیریش دڵی چووبێتە
سەر رابواردن و دەسەڵات گومڕای کردبێ ، چونکە

بەلای ئەوەوە تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ پاکو پێکەردەو دەرونی لەرمان بەخراپە نادات ...

بۆیە بەنووسەرەکەی وت بنووسە بۆ عومەیر کوڕی سەعد . پێی بڵێ ئەگەر نامەی گەورەی موسڵمانانت بەدەست گەیشت شاری حیمس بەجێ بێلەو وەرەوە بۆلای ، وەهەرچی خەراجو دەستهاتی موسڵمانانت کۆکردۆتەوەلەگەڵ خۆتا بیهێنە ..

موسڵمانی خۆنەویستو کاربەدەستی دڵسۆز نامەی خەلیفەی پێگەیشت ناچاربوو خۆی بپێچێتەوەو بەرەو مەدینەبکەوێتە ڕێ ... بەڵام چی بپێچێتەوەو چۆن بکەوێتە ڕێ ؟

توێشووی نانەکەیو قاپی چێشتەکەیو جەوەندەی لوخولوردنەوەو دەستنوێژەکەی هەڵگرتو داتی بەشانیا حەربەکەی گرت بەدەستەوەو بەپێی تەنیا بەپێ !... دانیشتوانی حیمسی بەجێ هێشتو بەرەو

مەدینە بەناو لمی بیابانی شام و نەجدا مەنک
ئەنا... لەم گەشتە دوورو درێژەدا عومەیر تووشـ
ماندووبوونێکی زۆر بوو . هەتا ڕەنگی زەرد بوو
لەشی لاواز بووو تووکی سەری درێژ بوو وەسەراپا
تۆزی گەشتێکی دوورو درێژی لێ نیشت ...

کاتێ عومەر بەوشێوەیە چاوی بە عومەیر کەوت
زۆر سەرسام بووو فەرمووی :

ـ ئەوە چیتە ئەی عومەیر ؟

ـ هیچم نیە ـ ئەی گەورەی موسڵمانان ـ سوپاس
بۆخوا ، لەش ساغ و تەندروستم و ماڵی دنیام کرتو
پەکۆڵەوە عـــومەر وای زانی مەبەستی لەو خەراج
دەستهاتەیە کەهێناویەتی بۆخەزانەی دەوڵەت
بۆیە فەرمووی :

ـ لەماڵی دنیا چیت پێیە ؟

ـ توێشووەکەم پێیە کەنانی تێ ئەخەم ، ومقابی

ـەکەم کەتیایا نەخۆم و سەرم و جلەکانمی پێ ئەشۆم
ـەوەندەی ناویشم پێیە بۆ خواردنەوەو دەستنوێژم
جا ئەمەو ماڵی دنیا ـ ئەی گەورەی موسڵمانان ـ
بریتیە لەمانەی کە لای منە ، لەمە زیاتر ئەمن وە
نە کەسی تریش پێویستی پێی نیە . عومەر فەرمووی:
ـوە ئایا بەپێ هاتووی ؟
ـ بەڵێ ، ئەی گەورەی موسڵمانان .
ـ ئەی لەوێ وڵاغێکیان نەدایتێ تا سواری بیت؟
ـ ئەوان نەیان دامێ و منیش داوام نەکرد .
ـ ئەی کوا ئەوەی هێناوتەتەوە بۆ خەزنەی دەولەت؟
ـ هیچم نەهێناوە .
ـ بۆچی ؟ !
ـ کاتێ کەیشتمە ( حیمس ) ، پیاوچاکەکانم
کۆکردەوەو کاروباری کۆکردنەوەی خەراج و دۆستهاتم
پێ سپاردن جا هەرجارێ شتێکیان لێی کۆئەکردەوە

پرس و رام پێ نەکردن تا لە شوێنی خۆیا داینێنەو دابەشی کەم بەسەر ئەوانەیانا کە پێویستیان پێی هەیە .

عومەر بە نوسەرەکەی فەرموو :
پەیمانی بەڕێوەبردنی کاروباری حیمس تازەکەرەوە بۆ عومەیر . عومەیر وتی : تازە ؟ ! .. هەرگیز شتی وام ناوێت ، وە کاربەدەستی نەبۆ تۆو نەبۆ هیچ کەسێ دوای تۆ ناکەم ئەی گەورەی موسلمانان !
ئینجا ماوەی لە خەلیفە وەرگرت ئابچێتەوە بۆ یەکێ لە دێکانی دەوروبەری مەدینە کە مال و منالەکەی لەوێ بوون .

- ٣ -

بەلێ ، عومەیر خۆی لە کاربەدەستێتی داماڵی و گەڕایەوە ناو ماڵ و منالی خـــۆی .. بەڵام هێشتا عومەر هەر وازی لێ ناهێنێ ، تا بەجوانی تاقی

ئەکاتەوەو پاکی و ڕاستی ئەوی بۆ دەرئەکەوێ ...
لەلایەکی ترەوە کێ ئەڵێ لەماوەی ئەم ساڵەدا
عومەیر چاك خۆی نەگرتووە ، وا بێدەنك چووە
ماڵی خۆیەوە ؟ ئادەمیزادەو شەیتان هەمیشە
خەریکیەتی بۆ فریودان ، بۆیە زۆری پێ ئەچوو
فەرمانی دا بەیەکێ لەپیاوە باوەڕ پێ کراوەکانی
کەناوی ـ حارث ـ بوو :

ـ ئەی حاریس بڕۆ بۆ ماڵی عومەیر کوڕی
سەعد ، خۆت بکە بە میوانی ، جا ئەگەر خۆش
گوزەرانیت پێیانەوە دی ، چۆن چوویت وەهاش
بگەڕێرەوە ، وەئەگەر دەست کورتیت پێیانەوە دی
ئەم پارەیەی بدەرێ .

ئینجا کیسێکی دایە دەست کە سەد دیناری
تیابوو ، حاریس مەدینەی بەجێ هێشت و بەرەو ئەو
دێیەی کە عومەیری تیا بوو کەوتە ڕێ ، هەواڵی

پرسی و پیمانیان دا .

کاتێ چاوی پێکەوت وتی : السلام علیك ورحمة الله . جومەیر وتی : وعلیك السلام ورحمة الله وبرکاته . لە کوێوە هاتوویت ؟

ـ لە مەدینەوە .

ـ موسڵمانەکانت چۆن بەجێ هێشت ؟

ـ بە چاکی .

ـ کەورەی موسڵمانەکان چۆنە ؟

ـ لەش ساغ و پیاو چاکە .

ـ ئایا فەرمانی خوا جێبەجێ ئەکا ؟

ـ بەڵێ ، دارێ حەددی دا لە کوڕێکی خۆی لەسەر مەلسانی بەکارێکی پیس ، تا لەژێر لێدانا مرد .

ـ خوایە یارمەتی عومەر بدەیت ... من وای لێ تێئەگەم کە تۆی زۆر خۆش ئەوێت .

ـ بەڵێ لە کۆمەڵگەی موسڵماندا ، موسڵمانان

هەموو هۆشیارن .. هەموو چاوکراوەن .. کوێرانە شوێن هیچ کەس ناکەون ، تەنها شوێن خواو پێغەمبەر ئەکەون ... وە لەوان بەولاوە بەپاکیو بێ کەردی هیچ کەس باوەڕیان نیە . بۆیە چاودێری هەموو کەسێ ئەکەن .. ئەترسن شەیتان بیخەڵەتێنێ ئەوەی زۆر شارەزایەو زۆر زانایە ، ئینجا مەترسی لادانی لێ ئەکرێت . جا وەك عومەر لە عومەیر ئەترسێ لابدا ، عومەیریش ئەترسێ عومەر لابداو باوەش بکا بەژیانی دنیاداو موسلمانەکانی لەبیر بچێتەوە ؛ بەڵام ئەبێ ئاگاداربین ئەمە دڵپیسی ناکەیەنێ ، بەڵکو گەورەییو گرانی سپاردەکەیان لاکرنگە .. خۆشەویستی ئیسلامە لەدڵیانا کە هەمیشە لەهەموو کاربەدەستێك ـ گەورە بێت یابچوك ـ ئەترسن لابدات . چونکە هەرکێ عومەرو عومەیر هیچ کامیان خۆی لەوی تر بەچاکتر نەئەزانی . ئەمەش وا

لەموسلمانەکان ئەکا تا پیاوی ئاینی لەئیسلاما دروست نەبێو کۆمەڵو پێرو پشتگیر دروست نەبێ ، وە تا هەموان مل کەچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوابن ..

حاریس سێ شەو لە ماڵی عومەیر بە میوانداریەوە مایەوە ، هەموو شەوێ کولێرەیەکی جۆیان ئەدایێ تابیخوات ..

بۆ رۆژی سێهەم ، پیاوێك کە ئاگاداری وەزعی ماڵو حاڵی عومەیر بوو بەحاریسی وت : بـــەم مانەوەیەت زیانت کەیاند بە عومەیرو خێزانەکەی ، چونکە تەنها ئەو کولێرەیەیان هەیە لەدەمی خۆیانی ئەکرنەوەو دەرخواردی تۆی ئەدەن .. بە راستی برسێتیو ماندوویی تەنگاوی کردوون ، جا ئەگەر بە چاکی ئەزانی حەزئەکەم واز لەوان بێنیو بێیتە لای من ..

کاتێ حاریس بـۆی دەرکەوت عومەیرو ماڵو

منالی چۆن ئەژین ، پارەکەی خەلیفەی دەرهێناو
دای بەعومەیر ... عومەیر وتی :
ـ ئەمە چیە ؟
ـ گەورەی موسلمانان بۆتی ناردووە .
ـ بیبەرەوەو سەلامی منی پێبگەیەنەو پێی بڵێ :
عومەیر وتی : پێویستیم پێی نیە .
بەڵێ عومەیر چاوەڕوانی پاداشتی پەروەردگارە
بەوحاڵە ئەژیءو خۆی وادائەنێ کە زۆر دەوڵەمەندەو
پێویستی پێی نیە ..
خێزانەکەی ـ کەنموونەی ئافرەتی موسلمانی
تێگەیشتوو بوو ـ گوێی لەم وتووێژەی نێوان
مێردەکەیءو میوانەکەیان بوو .. بۆیە دەنگی
هەڵبڕیءو وتی :
وەری گرە ئەی عومەیر ، ئەگەر پێویستیمان پێی
هەبوو ئەوا خەرجی ئەکەیت ، ئەگەر نا بۆ ڕێگای

خۆی خەرجی ئەکەیت . چونکە لێرە دەست کورت‌و هەژاران زۆرن ..

کۆمەڵکەی موسلمان هەموو ئەندامێکی چاوکراوەیە. هەموو ئەندامێکی تێ‌گەیشتووو شارەزایە بۆیە بە هەموو شێوەیەك مەبەستیان ڕەزامەندی خواو سەرفرازی ڕۆژی دواییە .

خێزانەکەی عومەیر یەکێکە لەو ئافرەتانەی بەهەموو شێوەیەك پشتگیری ئیسلام ئەکەن .. یەکێکە لەو ئافرەتانەی کەشان بەشانی پیاوان بەشداری جیهادی ئیسلامی ئەکەن پیاوان لەمەیدانی جەنگاو ئافرەتانیش لەماڵا پەروەردەی خۆیان‌و کۆرپەکانیان ئەکەن .. پیاوان بەرامبەر بەدوژمنی خوانەناس دان بەخۆیانا ئەگرن‌و ئافرەتانیش بەرامبەر بەشەیتان‌و ئارەزووی دەروون دان بەخۆیانا ئەگرن‌و هەتا بەگوڵێرەیەکی جۆ ، بۆ هەموو ڕۆژێکی خێزانێك

ئەسازن .. خۆ ئەگەر میوانێك ڕووی تێ کردن ئامادەن لەدەمی خۆیانی بۆ بکرنەوەو دەرخواردی میوانی خۆشەویستی بدەن ..

تەنها لەکۆمەڵگەی ئیسلامیا ئەمە بەرەزامەندیەوە ئەکرێت .. وە تەنها موسلمانەکان بەژن و پیاوەوە بەم شێوە بێ هاوتایە دان بەخۆیانا ئەگرن و بەژیانی تاڵ ئەسازن ، تاخوا ئاوڕێ بداتەوە بەلایاناو دوای ئەوە بەسەربەرزیەوە لەتاقی کردنەوە دەرئەچن ..

کاتێ حاریس وتەی خێزانەکەی عومەیری بیست پارەکەی خستە بەردەست عومەیرو هەڵسا خوا حافیزی لێ کرد .. عومەیریش پارەکەی هەڵگرت و دابەشی کرد بەسەر چەند توورەکەیەکداو ئەو شەو نەخەوت هەتا هەمووی بەخشیەوە بەسەر دەستە کورتەکاندا ، بەتایبەتی منالی شەهیدەکانی ڕێگەی خوا .. کەمرۆڤ لێبڕا بۆخوا هەموو چاکەیەکی لێ

دێو بەلایەوە ئاسان ئەبێت .. وە بەرژەوەندی تایبەتی بەجارێ لەبیر ئەچێتەوە .. لەلایەکی ترەوە کۆمەلکەی موسلمان تەنها بەپیاوان تەواو ناکرێت‌و دانامەزرێت ، چونکە نیوەی ئافرەتە .. ئافرەتێك لەشەوو ڕۆژێکا یەك کولێرەی جۆی هـــەیە بۆ دەرخواردنی خۆی‌و خێزانەکەی ، وا سێ ڕۆژە ئەو خۆراکەش پێش کەش ئەکا بەمیوانەکەیان‌و خێزانەکە بەبرسێتی ئەمێنێتەوە .. وە وا لەلایەن خەلیفەوە سەد دیاریان بۆ هاتووەو بەهاوبەشی مێردەکەی ئەیبەخشنەوە بەسەر خێزانە هەژارەکانا ..

چا کێ لە خۆیان هەژارترە ؟

تەنها خۆنەویستنە ..

تەنهـــا ڕەفتاری بەرزو پیرۆزی پیاوانەو ئافرەتەکانیشیان چاویان لێ کردونو بونەتە نمونەی خەباتو کۆشەی بێوچان تا کۆمەلکەی ئیسلامی

لۆناغی سەختی بەردەمی ببڕێو بتوانێ ئادەمیزاد رزگار بکا ...

* * *

حاریس گەڕایەوە بۆ مەدینەو خەلیفە عومەر لێی پرسی :

ـ چیت دی ، حاریس ؟

ـ تەنگاویەکی زۆر ئەی گەورەی موسلمانان .

ـ ئایا پارەکەت دایە ؟

ـ بەلێ ، ئەی گەورەی موسلمانان .

ـ جا چی پێ کرد ؟

ـ نازانم . بەڵام بــێ گومانم کەوا تاقە درهەمێکی بۆ خۆی ناهێڵێتەوە .

جا عومەر نووسی بۆ عومەیرو فەرمووی :

ـ ئەگەر ئـەم نامەیەم گەیشتە لات بەرلەوەی دای بنێیت بەپەلە خۆت بگەیەنەرە لام ..

عومەیر بەرەو مەدینە گەڕایەوەو چووە لای گەورەی موسلمانان .. عومەر بەخێرهاتنێکی گەرمی کردو لەخۆی نزیک کردەوە ، ئینجا فەرمووی :

ـ چیت کرد بەپارەکە ئەی عومەیر ؟

ـ جا تۆ چیت داوە لێی ، دوای ئەوەی ناردووتە بۆ من ، ئەی عومەر ؟

ـ حەز ئەکەم مەولای بدەیتێ بزانم چیت پێ کردووە .

ـ پاشەکەوتم کردووە بۆ خۆم تا لەڕۆژێکا کە نەماڵ و نەمناڵ بەکەلك نایەت کەلکی لێ وەرگرم..

بە وتەکەی عومەیر ، دڵی عومەر هاتە جۆش و فرمێسك لەچاوی هاتە خوارەوەو فەرمووی :

ـ شایەتی ئەدەم کەتۆ لەوانەیت کە لەگەڵ پێویستی بوونیانا خۆیان لەبیر ئەچێتەوە .

ئینجا فەرمانیدا تا باری وشترێ خواردەمەنی و

دوو گراسی بدەنێ ،

هومەیر وتی :

بەڵام خواردەمەنیەکە ، پێویستیمان پێی نیە ، ئەی گەورەی موسلمانان ، چونکە دوو مشت جۆم لەلای منالەکانم بەجێ هێشتووە ، تا ئەوە ئەخۆن ، خوای گەورە ڕۆزی ترمان بۆ ئەنێرێ ، وە بەڵام دووکراسەکە ئەبەم بۆ خێزانەکەم چونکە کراسەکەی ڕزیوەو وەختە لەشی دەرکەوێ .

خوایە سوپاس بۆتۆ کە ئەم ڕێبازە شیرینەت بۆ ناردوین ..

بەڕاستی هەر کۆمەڵێ لەسایەی قورئانا بژی ، ئارامی‌و هێمنی‌و سنگ فراوانی ئەڕژێ بەسەریا ، چاوی‌لە ڕابواردنی دنیا نیە ، وە ئەوەندەش هەوڵ بۆ ڕۆژی قیامەت ئەدات‌و خۆی بۆ ئامادە ئەکات وخەمی ئایینەکەی ئەخوات ، یەکێ وا ئەزانێ ژیانی لەبیر

چۆنەوە، گەچی لەڕاستیدا واش نیە ، بەڵام لێ بوردنە وای لێ ئەکات ، هەموو ئەندامێکی لەهەموو کەس زیاتر حەزی لە خۆشیو ڕابواردنی قیامەت زۆر جیاوازنو ڕێژە نیە لە نێوانیاندا بۆیە بۆ خۆی واز لەم دێنیو دەست کرۆیی ئەندامەکانی تر ئەکات ...

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵی قورئان پێویستی بەخەباتو خۆنەویستنو دەستپێوەکرتن هەیـــە ، لە ڕێبازە شیرینەکە لەژیانی ڕۆژانەدا بچەسپێنی .. بۆیە ئەندامە دڵسۆزەکان دەست ئەنێن بە ڕووی نارەزووەکانیانەوە تا کونو کەلەبەری تری کۆمەڵی پێ بکرن ، ئەو خواردەمەنیەی کەوەیر کلی نادانەوە کە کوایە دوو مەت جۆی هەیە لەماڵەوە، ئەبێ بدرێ بە داماوێکی تر ، کێ ئەڵێ کاورێك وەیا جوولەکەیەکی بــێ دەسەڵات کەلکی لێ وەرناگرێ ، کەوا لەسەر حکومەتی ئیسلامـی

پێویستە چاوی لێ بێت ؟!

لەلایەکی ترەوە مەرج نیـــە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی بەهەژاری ژیانی دابێتە سەر ، وەبەڵکو زۆر لەموسلمانەکان ـ کە خەریکی بازرگانی بوون وە یا زەوی‌و زارو باخ‌و بێستانیان هەبوو ـ زۆر دەوڵەمەند بوون . وە هەرچەندە بەراستەو بەچەپ لەرێی خـــوادا ئەیان بەخشی، لەگەل ئەومشاخۆیان ژیانێکی خۆشیان ئەدایە سەرو زۆری‌ی سامانیشیان لەوەدا نەبوو ...

* * *

ئەم بەیەك کەیشتنەی عومەرو عومەیر زۆری پێ نەچوو هەتا خوای گەورە ویەق وایوو عومەیر کوری ســـەعد بکاتە خزمەتی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی‌و لـە بەهەشتی بەرینا بەدیداری شادبێتەوە ...

عومەیر سەرزەوی بەجێهێشت و بەرێگای خۆشەویستانی خـوادا بەرەو ژیانی نەبراوەی هەتاهەتایی کەوتەرێ ... بەباری سووك و ویژدانی حەساوەو دەروونی فراوانەوە ، بەرەو بارەگای پەروەردگار بەدڵێکی ساف و بێگەردەوە کەوتە رێ..

بەرۆیشتنی عومەیر کورسیەکی ئەندامانی کۆمەڵکەی ئیسلامی چۆل بوو ... ئەندامێکی خۆشەویست و دڵسۆزو بەغیرەت و بەوەفای کۆمەڵکەی ئیسلامی کۆچی کردو ژیانی پرمەینەت و سـزاو ئازاری بەجێهێشت . . بەرەو ژیانی پرخۆشی و کامەرانی هەتاهەتایی بەهەشتی پەروەردگار ..

کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە عومەر کوڕی خەتتاب زۆر زۆر بەلایەوە نارەحەت بوو ، بەلام چارچیە ، ئەمە رێگای هەموانە ، بەلام خۆزگەم بەوەی بەرووەتی کەشاوەوە بەدیداری پەروەردگار شاد

ئەبێتەوە . جا عومەر فەرمووی :

« ئاواتەخواز بووم پیاوانی وەکو عومەیر کوڕی سەعــدم ببوایە تــا لەهەڵسوڕاندنی کاروباری موسڵمانانندا پشتم پێ ببەستنایە » .

بەڵێ عومەیری دڵسۆزو ڕاستگۆ لەگەڵ ئایینو بیروباوەڕەکەیا هەموو شوێن پێیەکی هەر نیشانەی مەردایەتیو جوامێریو پیاوچاکی بوو . چونکە بەڕاستی لەقوتابخانەکەی قورئاندا خــۆیو دڵو دەروونی پەروەردە کردبوو .

خوا لێی ڕازی بێت .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين